# لە بەرامبەر نوکتەی سلێمانەییەکاندا هەولێرییەکانیش قسەی خۆیان هەیە

## گەنجێکی هەولێری " گەنجمان هەیە هەموو گەنجی سلێمانی فۆرمات دەکات "

ڕاپۆرتی دڵدار مەغدید گەلاڵی و لوقمان شێروانی




هەولێرییەکان شانازی بە ڕەسەنایەتی خۆیانەوە دەکەن

هەر بە تەنها کفتەی سابونکەران نییە کە سلێمانی پێدەناسرێت، زۆربەی ئەو جێگایانەی لەسەر سلێمانییان نوسیوە هەرگیز ئەوەیان لەبیر نەکردوە ئاماژە بە قۆشمەیی و نوکتەبازی ئەم شارە بکەن.

بەلاّم ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە کەس نازانێت بۆچی لەسەر ئەم هەموو میللەت و شارەدا سلێمانی نوکتەبازی و قۆشمەیی خۆی بەسەر هەولێردا ساغ دەکاتەوە.

هەولێرییەکان کە بە سینە سافی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر ناسراون، ڕۆژانە دەکەونە بەر شالآوی سەدان نوکتە و قۆشمە لە لایەن سلێمانییەکانەوە لە بەرامبەردا هەندێك لەوانە وەکو حالّەتێکی ئاسایی و هەندێکی دیکەشیان وەکو ململانێیەکی بێتام سەیری دەکەن.

فەرهاد ئەسوەدی (٣٢) ساڵ کە فەرمانبەری حکومییە ئاماژە بەوەدەکات کە ئەم دیاردەیە مێژوویەکی هەیە، ئەو ئەوەشی وتە کە"لە سەربازیدا کاتێك شەڕ لە نێوان سەربازە هەولێری و سلێمانییەکاندا دەبوو، ئەوان دەیان وت (ماستی مەڕی) ئێمەش دەمان وت (خەشی دێ) هەندێکجاریش ئەم قسە بەیەکوتنە شەڕ و شۆڕی لێدەکەوتەوە.

مەجید محەمەدی تەمەن (٣٠) ساڵ کە مافپەروەرە و لە دادگای هەولێر دەوام دەکات گلەیی لەوە دەکات کە سلێمانییەکان خەڵکی هەولێریان لەلا کێوییە، بەلاّم بە بڕوای ئەو ڕاستیەکەی ئەوەیە کە خەڵکی هەولێر خۆ پەرست



هەموان لەژێر ڕەحمەتی نوکتەی سلێمانییەکاندا

نین ئەو دیاردەیەش "دیاردەیەکی جاهلییە"

مەجید دەڵێت"ئەگەر کار بگاتە سەر وەڵامدانەوە ئێمەش گەنجمان هەیە هەموو گەنجانی سلێمانی فۆڕمات دەکات"

ئاڵا فازڵ کە خوێندکاری زانکۆیە دەڵێت"هەموو ئەو تۆمەتانەی کە لەلایەن سلێمانییەکانەوە ئاڕاستەی هەولێرییەکان دەکرێت لەبەر ئەوەیە کە ئێمە وەکو ئەوان دەستبەرداری داب و نەریتی خۆمان نابین"

ئومێد خالید کە قوتابی زانکۆیە ئاماژە بەوە دەکات کە جارێکیان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا هاتوونەتە سلێمانی و ویستویانە قۆشمەیان پێبکەن، بەڵام ئەمان زۆر لەوان بەهێزتر بوون و لەبەرئەوە وازیان لێهێناون ئەو بە شانازییەوە دەڵێت"ئەگەر خەڵکی سلێمانی دێتە بەرامبەرم بزانە چۆنی پێ ڕادەبوێرم"

میدیا کە خەڵکی سلێمانییە و ئێستە لە هەولێر دادەنیشێت ئەو نوکتە بازیەی هاوشارییەکانی لەسەر هەولێرییەکان بەڕاست نازانێت و دەڵێت "ئەوەی لە نزیکەوە تێکەڵاوی خەڵکی ئەم شارە بکات بۆی دەردەکەوێت کە هەموو ئەوانەی لەسەریان دەوترێت بنەمای ڕاستی و دروستی نییە"

(هونەر ئەنوەر)ی شۆفێر ڕایەکی دی هەیە، ئەو دەڵێت"ئەگەر ئێمەی هەولێری ڕاست دەکەین کەوانین ئەوا دەبێت وەڵامیان بدەینەوە" هونەر وتی"ئەوان هەر دیکۆڕن و فلسێکیان لە گیرفاندا نییە"

(سوهەیب جەمیل) تەمەن (٢٧) ساڵ گەنجی سلێمانی بە فشەباز دەزانێت و دەڵێت"زنجیر لە مل کردن و پانتۆڵی مۆدێل حەفتاکان ڕۆشنبیری نییە کە خەڵکی سلێمانی شانازی پێوە دەکەن"

(ئەبو بەکر سلێمان) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو هەولێرییەک فەقیر و هەموو سلێمانەییەکیش وریا نییە، ئەو دەڵێت"ئێمە خەڵکی سلێمانیمان لەلا بوو خواخوای بوو لە دەستمان ڕزگاری بێت"

(سۆلاڤ کاکەیی) خوێندکاری ماستەر لە یاسای دەستوری لە زانکۆی سەلاحەدین لەو بڕوایەدایە بوونی ئەم دیاردەیە ئاساییە، بەڵام بە مەرجێك نەچێتە قاڵبی هەست بریندارکردن و لە ئاستی گاڵتە و خۆشی دەرنەچێت.

(د. فەرهاد پیرباڵ) مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین لەم بارەیەوە دەڵێت"ئەم دیاردەیە لە نێوانی هەموو شارەکانی دونیادا هەیە، فەڕەنسییەکان بە بەلجیکیەکان ڕادەبوێرن، دیسانەوە لە نێوانی شارەکانی یەك وڵاتیش هەیە بۆیە حاڵەتەکە سروشتییە و هیچی تێدا نییە" د. فەرهاد دەڵێت"دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا جیاوازی هەیە، بەڵام دەبێت خەڵك بڕیاری خۆی بدات کە کامیان لەوی دیکە باشترە"

بەرهەم کە لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێیدا پێکەوە ڕۆژنامەیەکی هەولێریان دەخوێندەوە، خەریکی ئەوە بوون لە هەڵەکانی ئەو ڕۆژنامەیەوە دوا نوکتە لەسەر هەولێر دروست بکەن و لە ڕێگەی (کورتە نامە)وە بۆ هاوڕێکانیان بنێرن.